# حیزبی شیوعی ، (الجیب العمیل) و

## پاکانەی حەمەسەعید !

### نەوزاد وەلی

سایتی (پەیامنێر) هەر ئەڵێیت بە مەبەست دانراوە بۆ شێواندن و تێکدانی زمانی شیرینی کوردیی. زۆربەی ئەو هەواڵانەش کە لەوێدا بڵاوئەکرێنەوە ، بەگشتیی جوینەوەی هەواڵ و باسەکانی بڵاوکراوەکانی ترن.

لەم دواییەشدا ئەم سایتە دیمانەیەکی لەگەڵ حەمەسەعید حەسەن کردبوو کە جگە لە هێرشکردنە سەر یەکیەتی کە ترش و خوێی باسەکە بوو ، دوو مەبەستی سەرەکیشی پێوە دیاربوو ، یەکەمیان هێرشکردنە سەر حیزبی شیوعی عێراق ، دووەمیشیان دڵنیایی و جاڕدان بۆ پاکانەی حەمەسەعید لە حیزبی شیوعی!.

* پەیامنێر لە یەکێك لە پرسیارەکانیدا شەکرێك ئەشکێنێت و ئەڵێت حیزبی شیوعی بۆ یەکەم جار (الجیب العمیل)ی بەکارهێناوە!.

بۆ زانینی ئەو سایتە (پەیام تێکدەرە) و بۆ ئەوەی ڕاستییەکان نەشێوێنرێن ، هێجگار بە کورتیی باسی ئەو (الجیب العمیل)ـە ئەکەم.

لە ساڵی 1972 دا لەبەر کۆمەڵێك هۆی ناوەکی و دەرەکی ، حیزبی شیوعی عێراق کەوتە وتووێژکردن لەگەڵ بەعسدا و بە وەزیرێکیش کە موکەڕەم تاڵەبانیی بوو ، چووە ناو حکومەتی بەعسەوە و دواتریش بوو بە دوو وەزیر و ئەوی تریش عامر عەبدوڵا بوو.

هەر لەو ساڵەشدا ڕێگا درا بە دەرچوونی هەفتەنامەیەکی کوردیی حیزبی شیوعی بە ناوی (بیری نوێ)وە.

لە ساڵی 1973 دا و لە ڕۆژی 17 ی تەموزدا کە یادی کودەتاکەی ساڵی 1968 ی بەعس بوو ، لەو ڕۆژە ڕەشەدا حیزبی شیوعی پەیمانی (بەرەی نیشتمانیی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز)ی لەگەڵ بەعسدا مۆرکرد و ژمارە سفری (طریق الشعب)ی زمانحاڵی حیزبی شیوعی دەرچوو.

پێش ئەو پەیمانە و لەو سەروبەندەدا و دوای ئەوەش ، حیزبی شیوعی و بەتایبەتیی کاك عەزیز محەمەد ، زۆر هەوڵیاندا لەگەڵ پارتی و بارزانیی دا بۆ ڕێککەوتنێك ، بەڵام بەداخەوە ئەنجامی نەبوو.

لە پاییزی ئەو ساڵەدا پارتی دەستیکرد بە هێرشکردنە سەر شیوعییەکان و گرتن ، ئازاردان و کوشتنیان ، بەندیخانەی بەدناوی (ڕایات) ، پارتی بۆ شیوعییەکانی دامەزراند. چالاکییە سەرەکییەکانی دەزگای پاراستن لەو سەردەمەدا ، ڕاونانی شیوعییەکان بوو.

لەپێناوی نەکولاندنەوەی برینەکاندا ، ناوی هەموو ئەو شەهیدانە نانوسم ، بەڵام تەنیا بۆ ڕاستیی باسەکە و بۆ نمونە ئەتوانم بڵێم: دوانزە کادێرەکەی حیزبی شیوعی کە لە ئەوروپا گەڕانەوە ، پارتی شەهیدی کردن و (پیاسڵێوە)ی عەینکاوە و (حەمە هاوڕێ)ی سۆڵە و فیکرەت جاوید و دەیانی تر ، هێشتا لە یادی هاوڕێیانیاندا ماون.

کە حیزبی شیوعیش چەکی هەڵگرت ، بە شێوەیەکی گشتیی تەنیا بۆ داکۆکییکردن بوو لە خۆی ، بەڵام بەردەوامیی شەڕفرۆشتنی پارتی و ئازاردانی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی شیوعی ، پاڵپێوەنەرێك بوو بۆ ئەوەی کە حیزبی شیوعی

بازنەی چالاکییە چەکدارییەکەی پتەوتر و فراوانتر بکات.

بە هەر حاڵ .. لەو سەروبەندەدا و بۆ یەکەم جار حیزبی شیوعی لە ڕاگەیاندنەکانیدا سەرکردایەتی پارتی ناونا (الجناح اليميني في الحركة الكردية) ، واتە (باڵی ڕاسترەو لە بزوتنەوەی کوردییدا).

لەسەر ئەم زاراوەیە ، حیزبی شیوعی توشی کێشەی گەورە بوو لەگەڵ حیزبی بەعسدا. بەعسییەکان ئەیانویست کە شیوعییەکانیش وەك خۆیان بڵێن (الجيب العميل). لە ڕاستییدا (جیب) وشەیەکی ناشیرینە ، بەڵام ئەتوانین بڵێین (کۆمەڵە بەکرێگیراوەکە)! بەڵام حیزبی شیوعی هەر سور بوو لەسەر ئەوە و پێی وتن کە بزوتنەوەی ڕزگارییخوازیی کوردیی هەر هەبووە و هەیە و بەداخەوە ئەمڕۆ لاباڵێکی ڕاسترەو سەرکردایەتی ئەکات.

بەعسییەکان بەوە ڕازیی نەبوون ، بەڵکوو هەر لە بنچینەوە باوەڕیان بە بزوتنەوەی ڕزگاریی کورد نەبوو ، بۆیە ئەو هەڵوێستەی حیزبی شیوعییان بە تاوان ئەزانی و ئەیانوت شتێك نیە پێی بڵێن بزوتنەوەی ڕزگارییخوازیی کورد ، ئەوانە کۆمەڵێك (عوسات)ن ، واتە یاخیین! چەتە و ڕێگرن و کاتێك پۆلیسێکی هەژار مۆڵەت وەرئەگرێت و ئەچێتەوە بۆ ناو ماڵ و منداڵی ، ئەو (موتەمەریدانە) لە ڕێگادا ئەیگرن و دوای ڕوتکردنەوەشی ، ئەیکوژن! (ئەوەش وتەی سەدام بوو کە لە مانگی یانزەی 1973 دا لە تێلێڤیزیۆنەوە بە ئاشکرا وتی).

لە سەروبەندی پەیمانی ئەلجەزائیردا ، ڕۆژنامەکانی بەعس هێرشیان کردە سەر بڵاوکراوەکانی حیزبی شیوعی و ئەیاننوسی کە (الجيب العميل) نەماوە ، بەڵام ڕۆژنامەی طريق الشعب ، هەفتەنامەی بیری نوێ (بە کوردیی) ، الفكر الجديد (بە عەرەبیی) و مانگنامەی (الثقافة الجديدة) ، هێشتا هەر ئەنوسن بزوتنەوەی ڕزگاریی کورد و باڵی ڕاسترەو!.

دوای ڕاگەیاندنی پەیمانی ئەلجەزائیر و شکست و هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلول و چەکدانانی دەیان هەزار پێشمەرگە و گەڕانەوەیان بۆ شار و شارۆچکەکانیان! حیزبی شیوعی کۆستێکی گەورەی کەوت و کادێرەکانی توشی خەمبارییەکی مەزن بوون ، چونکە شۆڕشەکە شۆڕشی گەلی کورد بوو نەك پارتی! هەروەها شیوعییەکانیش هەر لە سەرەتای شۆڕشەکەوە بە قوربانییەکی زۆرەوە بەشدارییان تیادا کردبوو.

لەبەرئەوە و دەماودەم کاك کەریم ئەحمەد کە ئەو کاتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی بوو ، وتارێکی بەپێز و درێژی لە هەفتەنامەی (بیری نوێ) دا بە کوردیی و عەرەبیی بڵاوکردەوە و هەر ناونیشانەکەی ، خۆی لە خۆیدا بەگژداچوونێك بوو بە بەعس و بیروبۆچوونە شۆڤێنییەکانیدا ، ئەویش بەم جۆرە بوو: (ان الحركة الكوردية حركة تحررية ولا تتجزأ عن الحركة التحررية العالمية) ، واتە بزوتنەوەی کوردیی بزوتنەوەیەکی ڕزگارییخوازییە و جیانابێتەوە لە بزوتنەوەی ڕزگارییخوازیی جیهان.

بەڵێ .. خەیاڵ و خەوی بەعس ئەوە بوو کە بە نسکۆی شۆڕشی ئەیلول ، بزوتنەوەی ڕزگارییخوازیی کوردیش نەمێنێت! بەڵام حیزبی شیوعی هەر زوو بەعسییەکانی لەو خەیاڵ و خەوەیان بێدارکردەوە.

بە هەر حاڵ .. برایانی بەڕێزی پەیامنێر ، یەکێك لە خەسڵەتەکانی کاری ڕاگەیاندن ، ڕەوشتی ڕۆژنامەگەرییە و نابێت کارگەرانی بواری ڕاگەیاندن بە ئارەزووی سیاسی و حیزبیی و بەرژەوەندی خۆیان ، دیاردە و ڕووداوەکان و مێژوو بگۆڕن و بیشێوێنن! لە کاتێکدا کە هەزاران کەس لە سەردەمی ئەو ڕووداوانەدا ژیاون و ئێستاش هەر لە ژیاندان!.

بڵاوکراوەکانی ئەو سەردەمەش بە هێڵی مێخیی نەنوسراون و زۆر کەس بە ئاسانیی ئەتوانن پەیدایان بکەن و ڕاستییەکانیان بۆ دەربکەوێت و بزانن ئەوە (الجناح اليميني في الحركة الكوردية) بوو یان (الجيب العميل)!!!.

* لە وەڵامی پرسیارێکی سایتەکەدا ، حەمەسەعید ئەپارێتەوە و ئەلاڵێتەوە و ئەڵێت من 28 ساڵە وازم لە حیزبی شیوعی هێناوە و ئێوە وازم لێناهێنن!.

بەڕاستیی سەیرە .. جاران بەعسییەکان بە کوشتن و بڕین پاکانەیان بە شیوعییەکان ئەکرد ، بەڵام ئەمڕۆ پارتی و دەزگا هەمەجۆرەکانی بە دەمچەورکردن و بێ شەڕوشۆڕ و داپڵۆسین ، نەك هەر پاکانە بە شیوعییەکان ئەکەن! تەنانەت پاکانە بە کۆنە شیوعییەکیش ئەکەن کە 28 ساڵە لەڕیزی حیزبی شیوعیدا نەماوە!.

جارێك حەمەسەعید لە نوسینێکی بێتامیدا و بە لێکچوواندنێك لەگەڵ پەندێکی عەرەبییدا کە ئەڵێت: لەبەر کەمیی ئەسپەکان ، سەگیان زینئەکرد ، ئەڵێت حیزبی شیوعی کوردستان کەسی نیە بۆیە کەریم ئەحمەد ئەکەن بە سکرتێر.

بەداخەوە .. چاوەڕێی ئەوەم لە حەمەسەعید نەئەکرد کە بەو شێوەیە بێڕێزیی بە کەسێکی تێکۆشەر و ماندوویینەناسی وەك کاك کەریم ئەحمەد بکات کە تەنانەت دوژمنانیشی بە ڕێزەوە ناوی ئەبەن!

لە ڕاستییدا حەمەسەعید بەو نوسینەی ، خۆی خستە بەرەیەکەوە کە دورە لەوەی کە خۆی پڕوپاگەندەی بۆ ئەکات!.

لەگەڵ ئەوەشدا ، لەم دواییانەدا هەفتەنامەی (ڕێگای کوردستان)یش بەوپەڕی بێشەرمییەوە نوسینێك بڵاوئەکاتەوە کە پیاهەڵدانە بە حەمەسەعید دا!!!.

بەڕاستیی سەیرە .. هیچ نرخێك لە باشوری وڵاتدا نەماوە! تاکە ئەندامێکی حیزبی شیوعی کوردستان ، لەو (بەسەگکردنەی) سکرتێرەکەیاندا ، بەرپەرچی حەمەسەعیدی نەدایەوە! بەڵام ئەمڕۆ ئەیانەوێت وەك پارتی دەمی چەوربکەن! ئێ باشە خەڵکینە ، چۆن ئەوە بە حیزبی شیوعی کوردستان ئەکرێت!! ئەوە بە پارتی ئەکرێت کە سامانی نیوەی کوردستان و نیوەی بەشەکەی کوردستان لە نەوت بەرامبەر بە خۆراکدا ، لەژێر دەستیدایە!

حیزبی شیوعی کوردستان ئەوپەڕی هەر ئەتوانێت مانگانەی 35 دۆلارێکی ماڵنشینیی بۆ دابین بکات! ئەویش لەسەر حسابی پێشمەرگەیەکی داماوی خۆی! یان پارچە زەوییەکی لەلای یەکیەتی بۆ دابین بکات! ئەویش لەسەر حسابی (سەندیکای ئەندازیاران)!.

2005-1-24